# هەڵبژاردە لە شیعری سەرگۆن پۆڵس

و: لەتیف هەڵمەت


سەرگۆن پۆڵس

## ١
## لەسەر رووباری -سین-

لە ئوتێلێکدا
کە ژنان ڕووی تێدەکەن و
ئاوڕ دەدەنەوە و
هەمیشەش بە ڕێکوپێکی
پۆلیس دەیپشکنێ
ئادەمم بینی
بە نەوسنییەوە جگەرەی دەکێشا و
پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم
کە دەستبەرداری شیعر ببم و
بە ورمیەکی فرمترەوە
ڕاوە ژن بکەم

***

٢

**ئەمشەو تەماشای بلێسە دەکەم**

**دەڵێی من بۆ ڕەنگ و ڕووی لە خۆڵەمێشدا کێشراوم**
**دەگەڕێم**

***

٣

**فلس**

**دانیشتم و بە درێژایی ڕۆژ**
**خەونم بەم تەلیسمەوە دەبینی: نیشتمانەکەم**
**کاتێ کە فلسێکم لە گیرفانی چاکەتێکی کۆنمدا**
**دۆزییەوە...**

***

٤

**سیاسەتی کۆتایی شەو**

**ئەگەر بینیت زەلامێک**
**بە ڕێگایەکدا ڕادەکات و**
**بینیت تارماییەک ڕاوی دەنێ**
**لێ گەڕێ یەکەمیان بە ئاسوودەیی تێپەڕێ و**
**هەوڵیش بدە تەگەرە بخەیتە ڕێی دووەمیان**

***

٥

**شایەت**

**ئەوەی ئەمڕۆ بونیادی دەنێیت دەشێ سبەینێ**
**لە کەلاوەکەیدا هەڵپەڕی**
**ئەگەر بۆ شایەتێک دەگەڕێی**
**سەیری ئاوێنەکە بکە...**

سەرچاوە: ديواني الاول والتالي